# گرفتەکانی زەنوێر ئازارم دەدەنو دەمگرێنن



ئەو پەروانە ئاسا رادەکاتو ژمارە تەلەفۆنی (رادیۆی هەرێم) دەیبەستێتەوە بەخاوەن کێشەکانەوە، بەسۆز عومەر خاوەنی بەرنامەی (زەنوێر) کەلە رادیۆی هەرێمەوە پەخش دەکرێت، دەڵێت ئەوەی وای لەمن کرد بیر لەبەرنامەیەکی وابکەمەوە" ئەو گرفتانەیە کە لەدەوروبەرم هەنو هاورێ نزیکەکانم دەکاتە نێچیری خۆی" بەسۆز ئامادەکاری بەرنامەی هەفتانەی (زەنوێرە) کە بۆماوەی سەعاتێك پەخش دەکرێتو لەمیانەی بەرنامەکەدا راستەوخۆ خۆیو میوانەکەی گوێ لەکێشەکان دەگرن کە لەرێ ی تەلەفۆنەوە پەیوەندیان پێوە دەکرێت ئەو دەڵێت" خەمی گەورەم گەرانە بەدوای چارەسەرکردنی کێشەکانیان، بۆیە داوای هاوکاری لەیاساناسو کەسانی پسپۆردەکەم".

ئەو کۆمەڵێك کێشەی دێتە بەردەم کە خاوەنەکانیان پێویستیان بەهاوکاری هەیە" کێشەی ژنان زۆرن ئەوان سەرەرای دڵپاکیو بێتاوانیان گیرۆدەی دەستی هاوسەرە خەمساردەکانیانو رۆژانەی دەناڵێنن لەفەرامۆش کردنو وەك مرۆڤ سەیرنەکردنیان ئەو کچانەش کە پەیوەندی خۆشەویستی لەسەربنەمای ناتەندروستی وەك مۆبایلو بینینی یەکتری لەئاهەنگدا، بنیاد دەنێن باجی قورس دەدەن"

ئەو پێی وایە کە لەم وولاتەدا خۆشەویستی بەرگی تری بەبەردا کراوەو بێ بەهاو ناشیرین کراوەو بەردەوام وێڵە بەدوای ئەوەدا بۆچی پیاوان هاوسەرەکانیان فەرامۆش دەکەنو نازانن ئاسودەیی بۆ خێزانەکانیان دەستەبەر بکەن کە ئەوە هۆکاری سەرەکی خۆکوشتنو خۆسوتاندنی ژنانە ئەو دەڵێت" گرفتەکان دەمگرێنن شەوەهاشەو خەوم لەچاو دەتارێنن، خۆشترین کاتیشم ئەو کاتەیە کەلەپەیوەندێکدا پێم دەڵێن بەهۆی بەرنامەکەتەوە

# لە پێناو ناوبانگێکدا لەقوڵایی٣٠٠م لەژێر زەوی ژن دەهێنن

١٠کرێکاری کۆمپانیای داتۆنخ بۆ خەڵوز، لەهەرێمی شانشی بڕیاریان دا، زەماوەندی بەکۆمەڵ لە کانیەکی خەڵوز، لەقوڵایی ٣٠٠م لەژێر زەوی ئەنجام بدەنو بەمەش ژمارەی پێوانەیی لە کتێبی (گینس) بۆ ژمارەی پێوانەیی جیهانی تۆمار دەکەن.

لۆی سویشینگ بەرێوەبەری کانەی بەردینی شانشی بەرۆژنامەی گەلی چینی راگەیاند (ئەم ژن هێنانە یەکەم جارە لەسەرتاسەری جیهان روودەداتو بۆیە داواکارییەك بە ئینسکلۆپیدیای گێنس دەکەین تاکو لای خۆیان تۆماری بکەن).

بەدەر لەم روداوە سەیرە بە گوێرەی رۆژنامەی ناوبراو ئاماژەی دا کە کرێکارانی کۆمپانیاکان هەمیشە بەدوای روداوی سەیروسەمەرە دەگەرێن لەپێناو دەستکەوتنی قازانجی ماددی بێ گوێدانە ژیانو سەلامەتی هاووڵاتیان.

**لە ئینتەرنێتەوە**

# بێ دەنگی چیمەن ئیسماعیل گوڵ دەهێنێتە قسە



بەمەبەستی ئەرشیف کردنو کۆکردنەوەی بەرهەمە شێوەکاریەکانی، هونەرمەند چیمەن ئیسماعیل رەشان کۆمەڵێك لەبەرهەمەکانی ٢٥ساڵی رابردووی کارکردنی هونەری، لەپێشانگایەکی تایبەت لەگەلەری سەردەم نمایش دەکات.

تابلۆکانی رەشان باخچەیەکی رازاوەیە لەگوڵو گوڵزار، کەلەلای ئەو گوڵیش وەکو مرۆڤ دنیایەکە لە خەمو خۆشەویستی. ئەم پێشانگایەی رەشان پاش ماوەیەك لە بێدەنگیو دوور کەوتنەوە دێت وەك خۆی دەڵێت" لەناشیرینی بارودۆخەکەدا بێدەنگیم هەڵبژاردو هانام بۆ گوڵ بردو بەگوڵ گوزارشت لەم واقعە دەکەم".

پێشانگای (لەژێر تابلۆکانی چیمەن) لە رێکەوتی ٢٠٠٦/١٢/١٥ پێشکەش بە بینەران دەکرێتو بۆ ماوەی دە رۆژ بەردەوام دەبێت.

ئەمەش دواهەمین پێشانگای ناوبراو نابێت، بەنیازە لەماڵئاوایی چل ساڵی تەمەنیدا بە پێشانگایەکی گەورەتر ئەو رۆژە بەرێبکات.

**ئا/ شەدە**

# لە گەلەری سەردەم هەفتەی فلیمی بیانی بەردەوام دەبێت

هەموو رۆژی پێنج شەممەیەك فیلمی بیانی (ئیسپانی، فەرەنسی) بێجگە لە فیلمی کوردی لەگەلەری سەردەم، نمایش دەکرێت . چالاکی هەفتەی فیلمی بیانی یەکێکە لەچالاکیەکانی گەلەری سەردەمی سەربەدەزگای چاپوپەخشی سەردەمە.

پرۆژەی هونەریو رۆشنبیری گەلەری سەردەم چەندین چالاکی تر لەخۆ دەگرێت وەك کۆرو سیمیناروو مێزگرت، لە بوارە جیاجیاکانی هونەری، تێکرای ئەم چالاکیانەش لەدووتوێی ئەو پرۆژە هونەریی رۆشنبیریەی گەلەری سەردەمە، بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی جموجۆڵی هونەریو راهێنانی خەڵکی لەسەیر کردنی سینەماو تابلۆو کۆنسێرتو شانۆ بەشێوەیەکی تەندروست.

سامی داود بەرێوەبەری گەلەری سەردەم لەمبارەیەوە بەرێوانی راگەیاند" چەندین کۆرمان ئامادەکردووە تایبەت بەئازادی لەمیدیای کوردیو بەنیازین لەبەهاری داهاتوودا فیستیڤاڵێك ساز بکەین".

**ئا/ جوان**

# لە ئاهەنگێکدا دامەزراندنی کۆمەڵەی لاوانی کوردستان راگەیەنرا



تابلۆیەکی پێشانگاکە

لەئاهەنگێکی هەمەرەنگ کە چالاکی جۆراوجۆری لەگۆرانیو شعرو کردنەوەی پێشانگای شێوەکاریو شانۆگەریەك، دامەزراندنی کۆمەڵەی لاوانی کوردستان لەسلێمانی راگەیەنرا.

دامەزراندنی کۆمەڵەی لاوانی کوردستان ژمارە یەکی رۆژنامەی (ئاسۆی لاوا)نیش تێیدا دەرچوو لەژێر دروشمی (رێگایەك بۆ نوێبونەوە، پەنجەرەیەکی تر بۆ بینین).

بەهار محمود لەدەستەی دامەرزاندنی کۆمەڵە ووتی" ئێمە وەکو گەنج وەك کۆمەڵە ئامانجمان هێنانەدی خەونی گەنجانەو یارمەتیدانیانە بە شێوازێکی تازەو مۆدێرن".

هەروەها شێوەکار حەنان حسێن کە بەشداری ئاهەنگەکەی کردبو بە پێشانگایەکی شێوەکاریو تابلۆکانی ببونە مایەی سەرنجی میوانەکان بەرێوانی ووت" خۆشحاڵم بەبەشداری کردنم لەم ئاهەنگە باری ناهەمواری بەغدا وای کردوە هەموو کارە هونەریەکانم رابگرم".

**ئا/ تریفە حسێن**

# گەنجانی سەید سادق وێنەی خەمەکانیان دەکێشن

بەمەبەستی راڤەکردن لە خەمو کێشەکانی کۆمەڵو گەنج بەتایبەتی، کۆمەڵێك هونەرمەندی لاوی سەیدسادق پێشانگایەکی کاریکاتێری رەخنە ئامێزیان نمایش کرد.

پێشانگاکە بەهاوکاری سەنتەری گەشەپێدانی چالاکی لاوان ئۆفیسی سەیدسادق لەرۆژی ٢٠٠٦/١٢/١٤ کرایەوەو هەریەك لە (عومەر عەلی، ئاشنا حەمە تالیب، ووریا کریم وە حەسەن عەبدولا، شەماڵ رەشید) بەشداریان تێدا کرد.

لەمبارەیەوە ئاشنا حەمە تالیب بەرێوانی ووت" لەگەڵ هەموو کەمو کورتیەکانو نەبونی هۆڵی گونجاو، بەڵام ئێمە ئیشی خۆمان دەکەینو مەسەلەی گەندەڵیش یەکێکە لەبابەتەکانی تابلۆکانم".

**ئا/ ئەنوەر**

نواری

# هەرەوەزی حکومەتی چل و چوار وەزیر

لەلادێکانی کوردستان هەندێك دابونەریت ماوە کە تێستا کاری پێدەکەنو زۆریش سودمەندە بۆیان بۆ بەرێوەبردنی ژیانی خۆیانو بەرنامەرێژی کارەکانیان پەیرەوی دەکەن ئێستا حکومەتی کوردستان کتومت لاساییان دەکاتەوە بۆ بەرێوەبردنی ئیدارەی حکومەتو بەرژەوەندی کەسەکانی خۆیان، بۆ نمونە (هەرەوەز)کە بۆ زۆر کاربەکاردێتو تێکرای دانیشتوانی گوند هاریکاری یەکتردەبن بۆ کاری کشتوکاڵیو دروستکردنی خانوو بەتایبەت لەکاتی نزیك بونەوەی وەرزی سەرما.

ئەم هەرەوەزیە نەریتەو تا ئێستاش بوونی هەیە، جێی خۆیەتی لێرە بپرسین ئەگەر لەشار ئەو هەرەوەزە بکرێت تۆبڵێی چۆن نۆبەمان بگاتێ ببورن مەبەستم برینی داری تەڕ نیە مەبەستم وەرگرتنی سوتەمەنیە چونکە هەمومان دەزانین لە نزیکی شار دار بۆ سێبەریش دەست ناکەوێت، ئەی ئەگەر حکومەتی (چلو چوار وەزیر) هەرەوەزێك بکەنو مل بدەنە پەیداکردنی پێداویستیەکانی وەرزی سەرما تۆ بڵێی وەك گوندنشینەکانیان پێنەکریتو هەر نەبێت لەتاریکە شەوو سەرمابون رزگارمان بکەن، ئەوندەی خەڵکیش ئاگادارە حکومەت لەگەڵ هاوولاتیان ئامادە نیە هەرەوەز بکات، تەنها لەگەڵ کاربەدەستەکانی خۆی نەبێت، لە دامودەزگاکانی حکومەت ئەوەی بەلای خەڵکیشەوە کیشەیە، بیر لە زەخیرەخستن دەکاتەوە ئەوان تەخشانو بەخشینی پێدەکەنو هەرەوەزێکی باشیش هەیە لەنێوانی خۆیاندا بەدی دەکرێت، خوا پێم نەگرێت هەر لەهاوینا زەخیرەی زستان دەخەنو بەردەوامیش معامەلەیان گەرمە ئەویان غاز دەدا بەوی تریان ئەویان سوتەمەی ئەویان کارەبا ئەویان زەوی ئەویان تەندەر ئەویان موچەی پاسەوانەکانی بن دیوارەکەی ئەویان هتد.. ئەوانە هەمویان دەچنە چوارچێوەی هەرەوەز، ئیتر بەشی خەڵکیش چاوەروانی هەرەوەزی گرێبەستەکانی کارەباو ئاوو سوتەمەنیو هەرەوەزەکانی ترین بەتایبەت هەرەوەزی بەجێگەیاندنی بەڵێنەکان کاتی هەڵبژاردن پرکردنەوەی چاڵەکان لەلایەن چاڵەوانیەکان.

**چیا دەرگەڵەیی**